

## شاری کەرکوك زیاتر لە وێرانەیەك ئەچیٚ لەباری خزمە تگوزاریەوە کەس خۆی بە مەسئوولی ئەم شارە نازانیٚ ، فەسادی ئیداری زۆر بەر بلاٚوە و هەموو دەسەلاٚتدارەکان سەرقالٚی سوود وقازا نجەکانی خۆیانن لەسەر حسابی خەلٚکی ستەم دیدەی ئەم شارە.

گفت و گۆی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەل سکرتیری ریکخراوی کەرکوك لەبارەی کارو چالاکییەکانی حیزب لەم شارەدا..

پ1

خەسرەوسایە: هاوری رەمەزان سابیر .. هەروەك دەزانن شاری کەرکوك لەچاو باقی شارەکانی عیراقدا تایەبت مەندی خۆی هەیە ئەگەر بکری لەسەرەتاوە سەرنجیکی گشتی خۆتمان لەبارەی کیشەو گرفتەکانی خەلك لەم شارەو شیوەی مامەلەی ئەمریکاو دەسەلاتداران و ئەحزابەکان پی بدەیت..

رەمەزان صابر: هەروەك ئیشارەت پیٚ کرد کەرکوك تایبەت مەندی خۆی هەیە وە ئەو تایبەت مەندیەش ئەگرێتەوە بۆ چەند لایەنێك یەکێك لەوانە ئەوەیە کە کەرکوك شارێکە هەمو نەتەوە کانی تێدا نیشتەجیٚ بووە بە جیا لەو تەعریب وتەرحیلەی کە ڕژێمی بەعس کردوویەتی وە لایەنێکی تر مەسەلەی ئەوەیە کە ئەم شارە شارێکی نەوتی یە وسەروەت وسامانیکی زۆریٚ هەیە جگە لەمانەش ڕژێمی بەعس جگە لەو سەرکوتگەریەی کە لە سەرەتای عیراقدا ئەنجامی داوە بۆ ئەم شارە سیاسەتێکی جیاوازی گرتبوٚ بەر وەکۆمەلٚیٚ کێشەی دروست کرد بو کە ئێستا بووەتە وەسیلەی دەستی لایەنە دەسلاٚتدارەکان بۆ گەیشتنیان بە ئامانجی خۆیان. کێشەو گرفتەکانی ئەم شارە بەتەواوی جیاوازە لە کێشەو گرفتانەی کە ئەحزاب ولایەنە دەسەلاٚتدارەکان وئەمریکا قسەی لەسەر ئەکەن. کێشەکانی خەلٚکی ئەم شارە هەر وەکو باقی شارەکانی تر کێشەی ژیانە کێشەی نەبوونیە کیشەی فەقرو فەلاکەتە کیشەی ئاوارەکان کە گەڕاونەتەوە شاری کەرکوك . خەلٚکی ئەم شارە بەتەواوی دژی ئەو شەڕانەن کە لەسەر ئەساسی قەومی وتایفی بەر پا ئەگریٚ ئێمە تەجروبەی ئەم دوو سالٚەمان هەیە کە زۆر جار ئاگری ئەم شەڕە خۆش کراوەو خەلٚکی ئەم شارە خۆیان لیٚ پاراستووە، خەلٚکی ئەم شارە ئەوەندە تێکەلاٚوی یەکترن کە کەم گەڕەکی ئەم شارە هەیە هەموو نەتەوەکانی تێدا نەژی ، منالٚەکانیان لە یەك قوتابخانەدا ئەخوێنن ، بە یەکەوە یاری ئەکەن و....

مامەلٚەی دەسلاٚتداران ئەحزابەکان وئەمریکا ڕێك بۆ خۆکەڕکردنە لەم کێشانە، ئەوان ئەیانەویٚ بەرگی قەومی ودینی بکەن بەبەری ئەم شارەدا ، ئەوان بۆ باوەشێن کردنی کێشەی قەومی ودینی هەنگاوی جدیٚیان ناوە لایەنێك ئەلٚیٚ کەرکوك دلٚە ولایەنێك ئەلٚیٚ کەرکوك قودسە ولایەنێك ئەلٚیٚ چاوە ولایەیەنیٚ تر ئەلٚیٚ عەرەبیە . ئەمانە بۆ شەرعیە دان بە دەسەلاٚتێك کە هەیانە سوود لەم کێشانە وەردەگرن ، ئەمریکا ڕێك پشتیوانی لەم سیاسەتە ئەکا پاش دوو سالٚ لە ڕوخانی رژێمی بەعس جگە لەم کێشانە کە بەردەوام لە کەنالٚەکانیانەوە قسەی لە سەر ئەکەن هیچ باسێك لەسەر وەزع وژیانی خەلٚك نیە ، لەم شارە هیچ خزمەتگوزاریەك ئەنجام نەدراوە هیچ لایەنێکی ژیانی بەشەرەکا نی ئەم شارە جیٚ ی باس نیە ، تەنانەت ئەم کێشە قەومی ودینی یانەیان گەیاندوەتە ناو قوتابخانە سەرەتایی وناوەندیە کانیش دەیانەویٚ جیاوازی دروست بکەن لە نێو نەتەوە جۆراوجۆرە کانی ئەم شارەدا.

شاری کەرکوك زیاتر لە وێرانەیەك ئەچیٚ لەباری خزمە تگوزاریەوە کەس خۆی بە مەسئوولی ئەم شارە نازانیٚ ، فەسادی ئیداری زۆر بەر بلاٚوە هەموو دەسەلاٚتدارەکان سەرقالٚی سوود وقازانجەکانیٚ خۆیانن لەسەر حسابی خەلٚکی ستەم دیدەی ئەم شارە.

پ2

خەسرەو سایە: هەلویست و مامەلەی کۆمیتەی کەرکوك بەم مەسەلانە چیٚیە و تائیستا ئیوە چ کاریکتان بۆ خەلك ئەنجامداوە؟ هاوکات پەیوەندیتان لە گەل ئەحزابەکان و لایەن چۆنە؟ ئاستی هاوکاریتان لەگەل چ لایەنو حیزبیکدایە؟

ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەلٚوێستێکی زۆر ڕوون و ئاشکرامان هەبو لە بەرامبەر ئەم کێشانەدا وەهەمیشە دژ بەم شەڕ وکێشمە کێشانە وەستاوینەتەوە کاریگەری جدی مان هەبووە لە پێش گرتن بەم شەڕانە . ئێمە بەدیلی واقعی ودروستی خۆمان بەیان کردوە ئەویش شۆناسنامەی ئینسانیە بۆ شاری کەرکوك ئێمە ڕامان گەیاندوە کە کەرکوك شاری دانیشتوانەکەیەتی بە دەر لە مەسەلەی قەومی وتایفی وهەر شتێکی تر و هەر دەرکردنێك وهاوردنێکی بە زۆری خەلٚك بۆ ئەم شارە مەحکومەو دەبیٚ پێشی پیٚ بگیریٚ . دەبیٚ هەموو ئاوارەکان بگەڕێنەوە خەسارەتەکانیان بۆ تەعویز بکریٚ و جێگە وڕێگەی شیاوی یان بۆدابین بکریٚ. هەلٚگیرسانی هەر شەڕێکی قەومی مەحکومەو

دەبێ بەری پێبگیری ، ئێمە کاری جدی مان کردووە لەم مەیدانەدا، بۆ نمونە ئێمە لە گەڕەکی هاوپشتی ( ئەسراو مەفقودین ) ی کۆن بارەگای بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکمان کردووە وە بە خەڵکی گەڕەکمان ڕاگەیاندوە کە بەر پرسین لە پاراستنی گیانی ئەوان وە هەر کارێکی لەم جۆرانەیان لەوێ کرد ئاگادارمان بکەنەوە وە هەر لەو گەڕەکە وا هێزی چەکداری گەرەکمان دامەزراندوە کە بە چەکی خۆیان وهاوکاری ئێمە پارێزگاری لە ئەمنیەتی گەڕەك ئەکەن . کردنەوەی یاریگا ویانەی لاوان دیسانەوە لەو کارانەن کە ئێمە لەو گەڕەکەدا بە ئەنجامان گەیاندوە ، وە هەر لەو گەڕەکە وە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی یەوە بریار وایە کە نەخۆشخانەیەك بکرێتەوە بە ناوی نەخۆشخانەی ( التضامن ) ەوە . سەبارەت بە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەحزاب و لایەن ئێمە زۆرجار وە لەمەسەلی جۆراو جۆردا سەردانی یەکمان کردوە لە گەڵ هەندێ ئەحزاب و لایەندا وەیان ڕێکخراوەکاندا ، بۆ نمونە بۆوەستانەوە لە دژی بڕیاری 137 کە دەربارەی قانونی ئەحوالی شەخصی بو بەندەکانی ئەو بڕیارە بریتی بوو لە تە حویل کردنی ئەو قانونە بۆ کاری مەلاو ئاخوندەکان ، زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی ژنان بەشداری خۆپیشاندانی دژ بەم بڕیارەیان کرد لە گەڵ ئێمەدا، وە هەر وەها تائیستا چەند جار بانگهێشت کراوین بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی ئەو ئەحزابانەی کە( ئەنجومەنی برایەتی وگفتوگۆی دیموکراتی ) یان پێك هێناوە وەمداخەلەی جدیمان هەبوە لە باسەکانیدا، هەروەها پەیوەندیمان لە گەڵ چەند حزب ولایەنی مەوجود لەکەرکوکدا هەیە .

پ3

خەسرەو سایە: دەتانەویت جیگای حیزب لەم شارەدا بەچ ئاستیك بگەیەنن ؟ سەرەکیترین پرۆژەکان ومەیدانەکانی کارو هەلسوورانەکانتان چیە؟

هەڵبەتە دیارە ئێمە ئامانجمان چیە تائەو جێگایەی کە پەیوەندە بەوەزعی ئەم شارەوە ئێمە لە بەرنامەماندایە کە حزب بگەیەنینە ئەو ئاستەی کە جەماوەری ئەم شارە لە دەوری کۆببنەوە بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی قەومی و دەستەبەر کردنی ئەمنیەت وخۆشگوزەرانی بۆئەم شارە . دەربارەی پرۆژەکانی ئێمە لایەنی جۆراو جۆری بە خۆیەوە گرتوە، چ دەربارەی ژنان ، لاوان، بێکاران وەهەر لە سەر ڕۆشنایی ئەم پرۆژانە ئێمە لەگەڕەکی شۆرجە سەنتەری ڕۆشنبیری شاپوورمان کردەوە وەیانەی لاوانی گەرکی هاوپشتی بەم زووانە ئەکەینەوە جگە لەمانەش رۆژنامەو بلاوکراوەکانی حزب بە شێوەیەکی بەردەوام بەدەستی خەڵك ئەگەیەنین ، وەلەباری مەسەلەی ئەمنیەوە ئێمە خەریکی ڕێکخستنی چەکدارانەی خەڵکین بۆپاراستن و زامن کردنی ژیانی خۆیان وە بەرگرتن بە هەرجۆرە کارێکی تیرۆرستی لە گەڕەکەکانیاندا.

پ4

خەسرەوسایە: چارەنووسی خەلکی شاری کەرکوك بەهۆی کیشەی قەوکی و هەلویستی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد و تورکومان و عەرەبەوە حالەتیکی ناهەمواری پیکهیناوەو ژیانی خەلك لەسەر بەرمیلیك باروت راگرتووە.. لەمبارەوە ریگاچارەی ئیوە چیە ؟ ئیوە چیدەکەن بۆئەوەی کیشەی قەومی ژیانی ئەمشارە لەرووداویکی نەخوازراودا نەخنکینی؟

وەکو لەپێشەوە باسم کرد ئەم کێشەیە کێشەی خەڵکی ئەم شارە نیە ،خەڵکی ئەم شارە کێشەی وایان نیە ، ئەم کێشەیە کێشەی ئەحزابی ناسیۆنالستی یە وە دروستکەری ئەم کێشانە هەر ئەوانن وە ئەمریکاش لە پشتی ئەم سیاسەتەوەیە، دیارە ئەم شارە هەڕەشەی ئەم شەڕانەی هەمیشە لە سەرە بۆ پێش گرتن بەم شڕە ئێمە بە دوو جۆر حەرکاتمان کردوە یەکەمیان ئەوەیە کە هەمیشە ئێمە هەڵوێستی خۆمان بە خەڵکی ئەم شارە ڕاگەیاندوە وە چ بەبەیان وچ بە ڕێگەی ڕۆژنامە قسە مان لە سەر زەرەرمەندی ئەم شەڕ وکێشانە کردوە وە وەکۆ بێشتر ئیشارەم پێ کرد ئێمە بڕیار نامەیەکمان دەرکردوە کە تەئکید لە سەر هەویەتی ئینسانی شاری کەرکوك کردوە وە دووەمیان ئەوەیە کە ئێمە لەو گەڕەکانەی کە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر کارو فەعالیەتی تێدا ئەکەین خەڵکمان بەتەواوی ئاگادار کردوەتەوە لەترسناکی ئەو شەڕانە وئاسەوارەکەی لەسەر خەڵك وەهەر لەم بوارەدا سەردانی چەندین حزب ولایەن و ڕێکخراومان کردوە وەئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ هاوکاری کردن لەم بوارەدا .